سەیری ئەم پیاوە بکەن، پرسیارم لێدەکات سەبارەت بە خوێنی مێشوولە، کوڕەکەی پێغەمبەریان کوشت -صلى الله عليه وسلم-، وگوێم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: ئەوان ڕەیحانەی منن لە دونیادا

لە ئیبن ئەبی نوعمەوە دەڵێت: سەیری ئیبن عومەرم دەکرد کاتێک پیاوێک پرسیاری لێیکرد سەبارەت بە خوێنی مێشوولە؟ ئەویش (ئیبن عومەر) ووتی: تۆ خەڵکی کوێیت؟ (پیاوەکە) ووتی: خەڵکی عێراقم، (ئیبن عومەر) ووتی: «سەیری ئەم پیاوە بکەن، پرسیارم لێدەکات سەبارەت بە خوێنی مێشوولە، لەکاتێکدا ئەوان کوڕەکەی پێغەمبەریان کوشت -صلى الله عليه وسلم-، وگوێم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «ئەوان -حەسەن وحوسەین- ڕەیحانەی منن لە دونیادا».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک خەڵکی عێراق پرسیاری لە ئیبن عومەر کرد -ڕەزای خوای لێبێت-: ئەگەر پیاوێک موحریم بێت -لە حەج وعومرەدا بێت- ئایا دروستە مێرووە بچووکە زیانبەخشەکان بکوژێت وەکو مێشوولە یان نا؟ ئەویش (ئیبن عومەر) گرنگیدانی ئەم پیاوەی بە شتە بێ نرخەکانەوە بەلاوە سەیر بوو، لەکاتێکدا ئەوان تاوانە گەورەکان ئەنجامدەدەن، بۆیە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: (سەیری ئەم پیاوە بکەن، پرسیارم لێدەکات سەبارەت بە خوێنی مێشوولە، لەکاتێکدا ئەوان کوڕەکەی پێغەمبەریان کوشت -صلى الله عليه وسلم-، پاشان بە تەقوادار وخاوەن وەرەع خۆیان نیشاندەدەن، وپرسیار دەکەن سەبارەت بە خوێنی مێشوولە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە حەسەن وحوسەین فەرموویەیەتی: (ئەوان ڕەیحانەی منن لە دونیادا) واتا: ئەوانە منداڵی منن وبۆنیان دەکەم وماچیان دەکەم، ئەوەندە خۆشەویست وشیرینن لە لای ئەو وەکو بۆنە خۆشەکان وان کە خەڵکی بۆنیان دەکات لە دونیادا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11170